**پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ پرۆژە داهێنانکارییەکان لە عێراقدا: دەرفەتێکی پەرەپێدانی پیشەییە بۆ خاوەن پرۆژە داهێنانکاری و رۆشنبیرییەکان لە عێراقدا**

ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی بە خۆشحاڵییەوە بانگهێشتێکی کراوە ڕادەگەیەنێت بۆ خاوەن پرۆژە داهێنانکاری و رۆشنبیرییەکان کە لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدان بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن بۆ بەشداریکردن لە پرۆگرامێکی ڕاهێنانی کەسی تایبەت بە پرۆژە داهێنانکارییەکان.

<u>دوا وادە بۆ پێشکەشکردنی داواکاری بریتیە لە رۆژی هەینی رێککەوتی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، کاتژمێر ١١:٥٩ شەو بە کاتی عێراق.</u>

**لەبارەی بەرنامەکەوە:**

لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی ڕاسپاردەی ئەوەی کرد نەخشەیەکی ئابووری داهێنانکارانە لە عێراقدا دابرێژرێت. ئەو ڕاپۆرتە توێژینەوەکارییەی لە ئەنجامی ئەم ڕاهێنانەوە گەڵاڵەکرا، تیشکی خستە سەر ئەو ڕاستیەی کە بواری داهێنانکاری لە عێراقدا بەهرەمەندە لە توانا و کارامەیی، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستییەکی گەورە هەیە بۆ پەرەپێدانی کارامەییە- بازرگانی و داهێنانکاری و تەکنیکییەکان- لە سەرجەم کەرتە لاوەکییەکانی ئابووری داهێنانکاریدا. لەم ڕوانگەیەوە برەودان بە کارامەییەکان یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی پاڵپشتی کە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدرێت، ئەویش بۆ پشتیوانیکردن لە پراکتیزکارە داهێنانکارەکان و چالاکییە بازرگانییەکان و سەرکردەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەر ئاستی سیاسەت لە عێراقدا.

بۆ دەستەبەرکردنی ئەم پێداویستییە، ئەنجوومەنی رۆشنبیری بەریتانی وەك ئەزموونێك **پرۆگرامێکی ڕاهێنانکاری تایبەت بە دامەزراوە داهێنانکارییەکان** ڕێکدەخات کە خاوەن پرۆژە رۆشنبیری و داهێنانکارییە عێراقییەکانی نیشتەجێی بەغدا، بەسرە، و هەولێر دەکاتە ئامانج، کە سەرکردایەتی دەستپێشخەرییە رۆشنبیری و داهێنانکارییەکان دەکەن و هەوڵی بەهێزکردنی بیرۆکە و/یان نموونەی کار و کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی پرۆژەکانیان دەدەن.

دوای ڕاهێنانەکە دەرفەتێکی کێبرکێکاری دەرەخسێنرێت بۆ تا ٤ سندوقی دەستەبەرکردنی دارایی سەرەتایی کە ڕێگە بە بەشداربووان دەدات بۆ ئەوەی سوود لەو فێربوونەوە بەدەستی دەهێنن لە ئەنجامی دەستپێشخەرییە کردارییەکانەوە بەدەستی دەهێنن.

**ئامانجە سەرەکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانەکە بریتین لە:**

- پەرەپێدانی توانای سەرکردە داهێنانکارەکان لەسەرەتاوە تا ناوەڕاستی ژیانی پیشەییان بۆ ئەوەی بتوانن پەرە بەو پرۆژە/دەستێوەردانە داهێنانکارییە بەردەوامانە بدەن کە بەهای رۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان هەیە و دەتوانن وەبەرهێنانی دارایی دەستەبەر بکەن.
- زیادکردنی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی بەشداربووان لە ئابووری داهێنانکارانە و بەهاکەی و ئەو کاریگەرییانەی ئەگەری ئەوە هەیە لێیبکەوێتەوە، و چۆنیەتی هێنانەئارای بەشداریکردن لەم کەرتەدا.
- زیادکردنی کارامەیی بەشداربووان بۆ بەکارهێنانی توێژینەوە، دیدگا و دیراسەتی کەیسەکان بۆ داکۆکیکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لەبارەی ئابووری داهێنانکارانە لە هەلومەرجەکانی خۆیاندا.

ئێمە بە دوای پراکتیزەکارە داهێنانکار و بەهرەمەند و هەمچەشنەکاندا دەگەڕێین بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لەم پرۆگرامەدا و پێشوازی لەو داواکارییانە دەکەین کە لەلایەن ئەو گروپانە پێشکەش دەکرێن کە وەك پێویست نوێنەرایەتی ناکرێن، بۆ نموونە، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

### کێ دەتوانێت داواکاری پێشکەش بکات؟

ئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە کراوەیە بۆ ١٢ پراکتیزکاری بواری داهێنانکاری و ڕۆشنبیری و خاوەن پرۆژە کە لە پۆستی سەرکردایەتیدان و تەمەنیان لەنێوان **٢٥ ــ ٣٥ ساڵدا بێت لە بەغدا، بەسرە، نەینەوا، و هەولێر** بۆ هاوکاریکردنیان بۆ بنیاتنانی تواناکانیان بۆ برەودان بەو پرۆژە/ دەستپێوەردانە بەردەوامانەی بەهای ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییان هەیە و دەتوانن وەبەرهێنانی دارایی دەستەبەر بکەن.

### داواکاری تەنها لە تاکەکەسەکان وەردەگیرێت.

ئێمە بەدوای کۆمەڵێک کەسی هەمەچەشنی داهێنەردا دەگەڕێین بۆ ئەوەی بەشداری لەم بەرنامەیەدا بکەن. ئێمە هانی ئەو پراکتیزەکار داهێنەرانە دەدەین کە خاوەن پێداویستی تایبەتن بۆ ئەوەی داواکاری پێشکەش بکەن

### پێوەرە بنەڕەتییەکان:

- ئەزموونی پەیوەندیدار (٣ - ٨ ساڵ لە کەرتی داهێنانکاریدا): پێویستە بەشداربووان پێشینەی بەشداری چالاکانەیان لە کەرتی داهێنانکارانە هەبێت بۆ ماوەیەك کەمتر نەبێت لە ٣ ساڵ و ئەوپەڕی ٨ ساڵ. بە زۆری، ئەو پراکتیزەکارانە دەبن کە لە سەرەتا و ناوەندی ژیانی پیشەییاندان و بەم دواییە پۆستێکی سەرکردایەتیان گرتۆتەدەست یان بە ڕوونی لێیان دەردەکەوێت کە توانای سەرکردایەتیکردنیان هەیە.
- تەمەن: ٢٥ ــ ٣٥ ساڵ.
- فرەچەشنی جوگرافی: بەغدا، بەسرە، نەینەوا، هەولێر.
- یەکسانی: بۆ پێشخستنی هەمەچەشنی و گشتگیربوون، ئامانجمان ئەوەیە کە ڕێژەی لە ٥٠٪ ی بەشداربووان ئافرەت بن.

هەروەها پێویستە بەشداربووان ئامادەیی خۆیان پشتڕاست بکەنەوە بۆ گەشتکردن بۆ هەولێر بۆ بەشداریکردن لە خێوەتگای ڕاهێنان بۆ ماوەی ٤ ڕۆژ(کۆی گشتی ٢٠ کاتژمێر) لە مانگەکانی تشرینی دووەم ــ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣. دوای ڕاهێنانەکە قۆناغێکی ئاڕاستەکاری بەڕێوەدەچێت کە یارمەتی بەشداربووان دەدات برەو بە دەستپێشخەری و دامەزراوە داهێنانکارەکانیان بدەن و تواناداریان دەکات پەرە بە پێشنیارەکان بدەن لە پێناو دەستەبەرکردنی وەبەرهێنانی داهاتوو: ئەمە دەرفەتی داواکردنی دارایی سەرەتای لە ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی لەخۆدەگرێت دوای ڕاهێنانەکە.

### پرۆسەی پێشکەشکردنی داواکاری

پێویستە سەرجەم داواکاران ئەمانەی خوارەوە پێشکەش بکەن بە ce.bootcamp.iq@britishcouncil.org و دوا وادە بریتیە لە هەینی، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، کاتژمێر ١١:٥٩ شەو بە کاتی عێراق.

أ-لە دوو لاپەڕەدا (ئەوپەڕی) گوزارشت لە پاڵنەر، و ئاوات و ئامانجەکانی بکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆگرامی ڕاهێنانەکەدا

ب- سی ڤی یەك ( ئەوپەڕی دوو لاپەڕە) کە ئەزموونی خۆتی تێدا ڕوونکرابێتەوە وەك پراکتیزەکارێك/ خاوەن پرۆژەیەکی رۆشنبیری و داهێنانکاری، لە نێویاندا نموونە پەیوەندیدارەکان لە ڕوانگەی پەروەردە و/یان پیشەیی و یان/ خۆبەخشییەوە

ج- پاشخانێکی کورتی دوو لاپەڕەیی (ئەوپەڕی) لەبارەی ئەو دەستپێشخەری/ پرۆژە داهێنانکاری و رۆشنبیرییانەی سەرکردایەتی دەکەن، لەگەڵ ئاماژەکردن بە ئامانج و کاریگەرییە خوازراوەکان (بۆ نموونە، چۆنییەتی وەڵامدانەوەی ئالنگارییەك یان پێداویستییەکی ناوخۆیی یان چۆنیەتی پشتگیریکردنی داهێنانکارەکانی دیکە )، لەگەڵ دیدگا و پلانیان بۆ ئەوەی زیاتر پەرەی پێبدەن.

**تکایە سەرنجی ئەوە بدە کە:**

- دەکرێت داواکارییەکە بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان کوردی پێشکەش بکرێت.
- تەنها ئەو کەسانەی کە سەرکەوتوو بوون ئاگادار دەکرێنەوە.

**پرۆسەی هەڵبژاردن**

پێداچوونەوە بە سەرجەم ئەو داواکارییانە دەکرێن کە بەدەستگەیشتوون، ئەویش لەسەر بنەمای:

- شایستەیی – ئایا داواکارییەکە سەرجەم پێوەرە بنەڕەتییەکان لەخۆدەگرێت ؟
- شیاوی– ئایا گوزارشتکردنەکە لە خواست و پوختەی پەیوەست بە دەستپێشخەرییە داهێنانکارییەکەوە روونە و بە باشی پەرەی پێدراوە؟
- ئامانج – ئایا دەستپێشخەری / پرۆژەگە بە شێوەیەکی داهێنەرانە وەڵامی ئاڵنگارییەك یان کێشەیەك دەداتەوە؟ ئایا بەشدار دەبێت لە گەشەپێدانی کەرتی داهێنەر و/یان پشتگیری لە داهێنەران و خاوەن پرۆژەکان دەکات؟
- شوێن – لانی کەم ٢ داواکار لە هەریەک لە چوار شوێنی (بەغدا، بەسرە، نەینەوا، هەولێر) هەڵدەبژێردرێن.

**خشتەی زەمەنی پێشکەشکردن**

- بانگهێشتی کراوە لە ٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ەوە دەستی پێدەکات
- دوا وادە بۆ پێشکەشکردن: ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ١١:٥٩ی شەو. هەر داواکارییەك دوای ئەم وادەیە بنێردرێت لەبەرچاو ناگیرێت.
- هەر کەسێك هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر یان پرسیاری هەبێت دەتوانێت لە رێی ئەم ئیمەیڵەوە پەیوەندی بکات Nabaa.Algaber@britishcouncil.org ئەویش تا ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣.
- داواکارە سەرکەوتووەکان لە میانەی ١٠ رۆژ لە کۆتاییهاتنی دوا وادەی پێشکەشکردن ئاگادار دەکرێنەوە.

**تێروانینێکی گشتی لەبارەی ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانیا**

ئێمە پشتگیری لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی دەکەین لە رێی بنیاتنانی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن و متمانە لە نێوان گەلی بەریتانیا و وڵاتانی جیهان.

ئێمە بە چەشنێکی ناوازە شارەزایی قووڵی بەریتانیا لە هونەر و رۆشنبیری، و پەروەردە و زمانی ئینگلیزی، و ئامادەبوونمان لە جیهان و پەیوەندییەکانمان لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا، ودەستراگەیشتنێکی بێهاوتامان بە گەنجان و کەسە کاریگەرەکان و درەوشانەوەی داهێنانکارانەمان پێکەوە کۆدەکەینەوە.

ئێمە بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ تاکەکەسەکاندا کاردەکەین بۆ یارمەتیدانیان بۆ بەدەستهێنانی ئەو لێهاتوویی و متمانە و پەیوەندییانەی پێویستییانە بۆ گۆڕینی ژیانیان و هێنانەئارای جیهانێکی باشتر بە هاوبەشی لەگەڵ بەریتانیا. ئێمە پشتگیریان دەکەین بۆ دروستکردنی تۆڕی پەیوەندییەکان و گەڕان بەدوای بیرۆکەی داهێنەرانە، و بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی، و بەدەستهێنانی خوێندنێکی کواڵیتی بەرز و بەدەستهێنانی کارامەیی و لێهاتویی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی.

ئێمە لەگەڵ حکومەت و هاوبەشەکانمان لە کەرتەکانی پەروەردە و زمانی ئینگلیزی و رۆشنبیری، لە بەریتانیا و جیهاندا کاردەکەین. بە پێکەوە کارکردن جیاوازییەکی گەورەتر دروست دەکەین، و سوودێك بۆ ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهاندا دەستەبەر دەکەین.

ئێمە لەگەڵ خەڵکانی زیاتر لە ٢٠٠ وڵات و نیشتیماندا کار دەکەین و لە زیاتر لە ١٠٠ وڵاتدا بوونمان هەیە. لە ساڵی ٢٠٢١-٢٢ دەستراگەیشتنمان گەیشتە ٦٥٠ ملیۆن کەس.